من ئاین وئەمانەت وکۆتا کردەوەکانت بە خودا دەسپێرم

لە ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- بەو پیاوەی دەووت کە دەیویست سەفەر بکات: لێم نزیک بەرەوە بۆ ئەوەی مالْئاواییت لێبکەم هەر بەو شێوەیەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- مالْئاوایی لە ئێمە دەکرد، ودەیفەرموو: «أَسْتَوْدِعُ الله دِينَكَ، وَأَمَانَتَكَ، وَخَوَاتِيمَ عَمَلِكَ» واتە: «من ئاین وئەمانەت وکۆتا کردەوەکانت بە خودا دەسپێرم». ولە عبداللەی کوڕی یەزیدی خەتمیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بیویستایە مالْئاوایی لە سوپا بکات، دەیفەرموو: «أَسْتَودِعُ الله دِينَكُم، وَأَمَانَتَكُم، وخَوَاتِيمَ أَعْمَالِكُم» واتە: «من ئاین وئەمانت وکۆتا کردەوەکانتان بە خودا دەسپێرم».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- بەو پیاوەی دەووت کە دەیویست سەفەر بکات: لێم نزیک بەرەوە بۆ ئەوەی مالْئاواییت لێبکەم هەر بەو شێوەیەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- مالْئاوایی لە ئێمە دەکرد، ئەمەش پابەندی هاوەڵان ڕووندەکاتەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- بە سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ولە هەندێک گێڕانەوەدا هاتووە: (كان إذا ودَّعَ رجلًا أخذَ بيدِه ، فلا يَدَعُها حتَّى يكونَ الرَّجلُ هوَ الَّذي يَدَعُ يدَه) واتە: (ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مالْئاوایی -خودا حافیزی- لە پیاوێک بکردایە؛ ئەوا دەستی بەرنەدەدا -لە گرتنی وتەوقەکردنی- هەتاوەکو پیاوەکە دەستی ئەوی بەردەدا)، وئەمیش بۆ نیشاندانی ڕێز وخۆشەویستی وڕەحمەت بە کەسی بەرامبەر. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ئەو کەسەی دەفەرموو کە مالْئاوایی لێدەکرد: (أَسْتَوْدِعُ الله دِينَكَ : من ئاینەکەت -دینداریت- بە خودا دەسپێرم): واتا داوا لە خودا دەکەم کە دینداریت بپارێزێت وتووشی گومڕایی نەبیت لە دینەکەتدا. (وَأَمَانَتَكَ : وئەمانەتی تۆ بە خودا دەسپێرم): واتا داوا لە خودا دەکەم ئەمانەتەکەت -سپاردەکەت- بپارێزێت وئەمیش گشتییە وهەموو شتێک دەگرێتەوە لە مافەکانی خەڵکی ومافەکانی خودا لە ئەرکە شەرعییەکان، وبێگومان لە سەفەردا مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات بە وەرگرتن وپێدان وهەڵسوکەوت کردن، بۆیە داوای لە خودا کرد کە ئەمانەتەکەی بپارێزێت وبە دووری بگرێت لە خیانەت کردن، بۆئەوەی بە پارێزراوی بگەڕێتەوە بۆ نێو خێزانەکەی وسەلامەت بێت لەو شتانەی زیانی پێدەگەیەنێت لە دینەکەی ولە دونیادا. وئەمیش لە سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو ئەگەر بیویستایە مالْئاوایی لە کۆمەڵێک بکات کە دەیانەوێت دەربچن بۆ جەنگان لە پێناوی خودا ئەم نزا گشتگیرەی بۆیان دەکرد بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن بەسەر دوژمنەکاندا وفەرز وسنووورەکانی خودا بپارێزن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3058